بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

## هەرێمی کوردستانی عێراق
## سەرۆکایەتی هەرێم
## سەرۆك

بەناوی گەلەوە

## بڕیار
## ژمارە (12) ساڵی 2008

**یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان**
**لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (31)ی ساڵی 2007**

بە پێی برگەی (1) ی ماددەی (10) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 2005 ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (17) لە 2008/5/13 بریارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (5)ی ساڵی 2008**
**یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان**
**لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (31)ی ساڵی 2007**

**ماددەی یەکەم:** جێبەجێ کردنی برگەی/2/یەکەم لە ماددەی (پێنجەم)ی یاسای ژمارە(31)ی ساڵی/2007 تاکو 2008/12/31 دوادەخرێ.

**ماددەی دووەم:** دەبێ ئەنجومەنی وەزیرانو لایەنەکانی تایبەتمەند حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی سێیەم:** ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوواندنییەوە جێبەجێ دەکرێ ولەڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی كوردستان) دا بلاودەكرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆكی هەرێمی كوردستان–عێراق**

**ئەم یاسایە لە 29ی گوڵانی 2708ی كوردی بەرامبەر 14ی جمادی یەكەم 1429ی كۆچی و بەرامبەر 19ی ئایاری2008ی زاینی لە هەولێر دەرچووە .**

## هۆكاره پێویستیەكانی دەرچواندنی ئەم یاسایە

لە پێناو رەخساندنی دەرفەت لە پێشی هاوردەی جگەرەو جگەرەمەنی تاوەكو بتوانن ئەوەی برِگەی (یەكەم) لە ماددەی پێنجەم لە یاسای ژمارە(31)ی ساڵی 2007 داوای دەكات دەربارەی پێوە لكاندنی ئەو زانیاریانەی پێویستن بە هاوردەكانیانەوە ئەم یاسایە تەشریع كرا.